یارمەتیدان لە کێشەی کۆچکردندا

هەندێ لە ژنان دەیانەوێت یارمەتی بدرێن یان لە هاوسەرە خراپەکەرەکەیان هەڵبێن بەڵام نیگەرانی ئەوەن کە ئەمە چۆن کار دەکاتە سەر ئیقامەکەیان. لە ڕفیووجی وومێن ئۆف بریستۆڵ ئێمە ناتوانین هەموو کێشەکانت چارەسەر بکەین. بەڵام ئێمە گوێت لێ دەگرین هەرچ بارووددۆخێکت هەبێت، وە کۆمەکت دەکەین کە ئەو یارمەتیە وەربگریت کە ڕاست و گونجاوە بۆت.

ئێمە خزمەتگووزاری خۆڕاییمان هەیە لە سەنتەرەکەمان بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە لە بنەچەی پەنەهاندەیین و لە هەرچ دۆخێکدابن لە ئێستادا. سەنتەرەکەمان کراوەیە لە ڕۆژانی **سێشەممەدا لە ١٠ی بەیانی بۆ ٣ی دوای نیوەڕۆ** لە کاتی خولی قووتابخانەدا لە:
مالکۆڵم ئێکس سەنتەر، سیتی ڕۆد، سەینت پۆڵس، بریستۆڵ. BS2 8YH

Shula Soleman

چۆنی یارمەتی وەرگرتن

وەرە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵماندا لە ڕۆژانی سێشەممەدا لە سەنتەرەکەمان لە بریستۆڵ.

- ئێمە گوێت لێ دەگرین بەدەر لە هەر جۆرە ئیقامەیەك کە هەتبێت.
- ئێمە باوەڕت پێ دەکەین.
- ئێمە کەموکورتیت هەڵناسەنگێنین.
- ئێمە دەتوانین ئامۆژگاریت بکەین بە هەر خزمەتگوزاریەك کە هەیە بۆ کۆمەك کردنت.
- ئێمە بە هیچ کەسێکی تری ڕاناگەیەنین بەبێ پرس کردن لە خۆت لەپێشدا.

ڕفیووجی وومێن ئۆف بریستۆڵ
٠١١٧٩٤١٥٨٦٧
info@refugeewomenofbristol.org.uk
www.refugeewomenofbristol.org.uk

هێڵی یارمەتی بۆ تووندوتیژی خێزانی لە بریستۆڵ: ٠٨٠٠٦٩٤٩٩٩٩ (٢٤کاتژمێرکراوە)
سارساس: (خراپکاری و هەڕەشی سێکسی)
٠٨٠٨٨٠١٠٤٥٦
(هێڵی پشتگیری لە تاوان لێکراوان)
Victim support line: ٠٨٤٥٣٠٣٠٩٠٠
دژی تووندوتیژی و خراپەکاری لە بریستۆڵ:
(support service) www.bava.org.uk

گەر تۆ یان منداڵەکانت نێستا لەمەترسیدان تەلەفۆن بکە بۆ ٩٩٩

DOMESTIC VIOLENCE AND ABUSE

ڕفیووجی وومێن ئۆف بریستۆڵ

Shula Soleman

با ئێمە یاسی تووند تیژی خێزانی و هەڵسوکەوتی ناپەسەند بکەین

"هەمووکەس وادەزانن کە هاوسەرەکەم زۆر باشە. دەڵێن کە ئەو وەک شازادە مامەڵەم لە گەڵدا دەکات . ئەو زێڕم پێش کەش دەکات و هەموو شتێکیش خۆی دەیکڕێت. پێم دەڵێت تۆ پێویست ناکات پارەت پێبێت. بۆ هەموو شوێنێکیش دەمگەیەنێت. دەڵێت کە پێویست ناکات مۆڵەتی لێخوڕینم هەبێت. هەموو کاتێکیش تەلەفۆن دەکات بۆ ئەوەی بزانێت هیچم پێویستە. ئارەزووی خوێندن دەکەم، بەڵام دەڵێت باشتر وایە کە لەماڵەوە بمێنمەوە لەبەر خاتری منداڵەکان. ئەو هەموو بڕیارەکان دەدات .

"من هەست دەکەم وەک باڵندەیەکی ناو قەفەزم " .

خراپەکاری خێزانی چیە؟

چیرۆکەکەی سەرەوە نموونە یەکە لەسەر خراپەکاری خێزانی . خراپەکاری خێزانی ئەوەیە کاتێك یەکێك دەست بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانتدا بگرێت و لەلایەنی سۆزی ، جەستەیی، ئابووری و سێکسیەوە خراپ بێت لەگەڵتدا. خراپەکار هەکە لەوانەیە هاوسەرەکەت ، هاو ڕێکەت، منداڵەکەت بێت یاخوود یەکێك بێت لە خزم و کەس وکارەکەت.

لە هەموو چوار ژنێکدا ژنێك لە بەریتانیادا دووچاری تووندو تیژی خێزانی بۆتەوە.

گەر تۆ لە هاوسەرەکەت دەترسیت لەوانەیە تۆ کێشەی تووندوتیژی خێزانیت هەبێت.

من دەمەوێت داوای یارمەتی بکەم بەڵام.....

ئێمە لە ڕفیووجی وومێن ئۆف بریستۆڵ لە نیگەرانیەکانت تێ دەگەین. خراپەکاری خێزانی هەرگیز گوناهی تۆ نیە. وە لەوانەیە کاربکاتە سەر باری دەروونیت و تەندروستی جەستەییت. تۆ دەتوانیت ئاخاوتنمان لەگەڵدا بکەیت؛ بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری لاپەڕەی ئەودیو بکە.

ئایا زانیوتە کە؟

٣٠%خراپەکاری ناو خێزان لە کاتی سکپریدا دەستپێدەکات

تووندوتیژی خێزانی و خراپەکاری شتی نابەجێ فێری منداڵان دەکات دەربارەی پەیوەندی وە هەروەها لە وانەیە کار بکاتە سەر خوێندنیان لە قوتابخانە ئێمە دەتوانین کۆمەکت بکەین بۆ یارمەتی وەرگرتن بۆ خۆت و منداڵکانت

لەساڵی ٢٠١٢دا لە بریستۆڵ، خزمەتگوزاریەکانی یارمەتیدان ١٥٥٣جار سەردانی کراوە لە لایەن ژنانەوە کە ڕووبەڕوی کێشەی خێزانی بوونەتەوە و خێراپەکار یان بەسەردا هاتوە خەتی تەلەفۆنی یارمەتیدانەکانیش ٤٧١٩ تەلەفۆنیان بۆ کراوە. تۆش دەتوانیت یارمەتی وەربگریت.

مافەکانت

یاسای بەریتانی دەڵێت کە ژنان و پیاوان یەکسانن. ژنان هەمان مافی خزمەتگوزاری، دامەزران، یارمەتی وەرگرتن، خانوو بەرە وە هەروەها خوێندنیان هەیە وەک پیاوان.

گەر تۆ بە سپاوز ڤیزا(بە ڤیزەی هاوسەرەکەت) هاتوویت بۆ بەریتانیا ،هاوسەرەکەت هاوواڵاتی بەریتانییە یاخود خاوەنی نیشتەجێ بوونی بێ کۆتاییە لە بەریتانیا، وە تووندوتیژی خێزانی و خراپەکاریت بە سەردا هاتوە ، تۆ دەتوانیت داوای مۆڵەتی مانەوە بکەییت بەبێ یارمەتی هاوسەرەکەت.

تووندو تیژی خێزانی وە خراپەکاری بە تاوان لە قەڵەمدەدرێت پۆلیس کۆمەکی خۆت و منداڵەکانت دەکات گەر پەیوەندیان پێوە بکەیت.